

# نیگایەک پڕ لە گرفتاری

فاروق هۆمەر

ئەو بەیانییە منالەکە جیاواز لە ڕۆژەکانی دی کە دەرگای حەوشەی ترازاند، لەجێی ئەوەی ونبێ و بەرەو قوتابخانە بڕوات، تۆقیو و زارەترەک بە پرتاو خۆی کردەوە بە ژوورا. لەو کاتەدا دایکی خەریکبوو بڕواتەوە ناو جێگای نووستنەکەی و چاوەکانی بداتەوە دەم خەو، گریانی منداڵەکە ڕایچڵەکاند. منداڵەکە لە ترسا جانتاکەی لەدەم دەرگاکەدا هەڵڕژاندبوو، بە ڕاکردن بەرەو هەیوانەکە دەهاتەوە (دایە فریا کەوە ئەو سەگە خەریکبوو بمخوات، دەڵێی ئەژدیهایە دەمی کردۆتەوە) دایکەکە منداڵەکەی توند نووساند بە سنگییەوەو هەوڵی دەدا هێمنی بکاتەوە.

لە دەرەوە باران دەباری و لێشاوی باران لە گوێسوانەی هەیوانەکەوە چۆراوگەی بەستبوو. ئەوەندەی تۆزکاڵێک دوور لە چۆڕاوگەی بارانەکە دایکەکە بە چمکی کراسەکەی کەوتە وشککردنەوەی دەموچاوی منداڵەکەی، کە ترس ڕەنگ و ڕووی پێوە نەهێشتبوو (سەگێکی گەورەیە دایە، لەبەر قاپیی دەرگاکەماندایەو ناڕوات. هیچ ناوەڕێت، لوتی ناوە بە دەرگاکەمانەوە و بۆنی دەکات، بۆنی دارو پەردووی ماڵەکەمان دەکات. کە منی دی لوتی لە قاچمەوە هەڵسوو، ئەها دایە قاچم بۆ بسڕە، هەمووی لیکی دەمیەتی.. تازە قاچم بۆگەن بوو).

دایکەکە بە پەلە بەناو بارانەکەدا بەرەو حەوشەکە ڕۆیشت و خۆی گەیاندە دالانەکەی بەردەم دەرگای دەرەوە. لەوێدا ئەبڵەق بوو، ئەوەی ئەو بینیی شتێکی سەیر بوو، زۆر سەیر. ئاژەڵێک کە نەیدەزانی چییە

لە پێش دەرگاکەیاندا لوتی نابوو بە خاکە تەڕەکەوەو بۆنی دەکرد. ئاژەڵەکە کە دایکەکەی بینی سەری بەرزکردەوەو چاوی بڕییە چاوەکانی. بەو بەیانییە زووە بەرەنگاربوونەوەیەکی سەیر ڕوودەدات، ڕامانێک کە ناکرێت وا بە سادەیی تەماشای بکەیت. ئاژەڵێک لەسەر دوو پێ وەستاوەو هەردوو دەستی ناوە بە دەرگاکەوەو وەک ئادەمیزادێک دەڕوانێت و بە هێواشی دەکێشێت بە دەرگاکەدا. هێواش هێواش وەک ئەوەی دەنگێک لە دالانە قووڵەکانی یادەوەرییەوە بێت. دەنگێک چەند ئاشنایە بە گوێ، هەمان دەنگ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕەکەی ئاوا لە دەرگای دەدا. دایکەکە بۆی نەکرا نەڕوانێتە چاوەکانی. دوو چاوی گەشی چکۆلەی جوان، ئەفسونێکی غەریب زۆر غەریبییان لێوە دەڕژا. دوو چاو کە تاوێک زەرد دەڕوانن و تاوێک ڕەش، ڕەش وەک ڕابردوو. بۆ چەند چرکەیەک هەردووکیان سەرسام لە یەکدییان دەڕوانی. ئاژەڵەکە کە دایکەکەی بینی شێوەی مار فیشکاندی و خۆی بۆ ناو قاچەکانی ژنەکە کشان. منداڵەکە کە لە نزیک دایکییەوە وەستا بوو، هەنگاوێ کشایەوە دواوەو هاواری لە دایکی کرد (دایە ئاگات لە خۆت بێ.. ئاوی لوتی پیسە).

ئاژەڵەکە سەری هێنایەوە دواوەو لە جێی خۆیدا سڕبوو. (دایە ئەها باران چاوی تەڕکردووە).

(کچەکەم ئەوە ئاوی باران نییە، ئەوە فرمێسکە. ئاژەڵەکە دەگری، زۆر بە کوڵ دەگری).

(دایە تۆ بڵێی بۆ دایکی نەگری؟ یان لەوانەیە بێچوەکەیان کوشتبێت).

مناڵەکە پێی وابوو ئەو ئاژەڵە سەیرەی کە بەو بەیانییە زووە هاتۆتە دەرگای ماڵیان، لەدەست زوڵمێک هەڵاتووە. زوڵمێک کە لە شوێنێکی ئەو شارە بەرانبەری کراوە. ئەو ئاژەڵە هەڵاتووەو هانای بۆ ماڵی ئەوان هێناوە. نەیدەزانی ئەو زوڵمە چییە، یان ئەو دەرد و میحنەتەی لە دڵی ئەو ئاژەڵەدا خۆی پەنهان داوە چییە. تۆ بڵێی لەم نزیکانە، لە شوێنێکی ئەم شارە دایکی ئەم ئاژەڵەیان نەکوشتبێ، وا بە غەمگینییەوە ڕووی لەم دنیایە کردووەو دەگری؟.. بە گریانەوە سەری خۆی هەڵگرتووەو هاتووە گلەیی و شەکوای خۆی بگەیەنێتە خەڵک و خوا.

دایکەکە پەلی کیژۆڵە چکۆلەکەی گرت و هێندەی چاوتروکانێک دەرگاکەیان لە پشتی خۆیانەوە پێوەدایەوە. ئاژەڵەکە هەوڵی دا لەگەڵیان خۆی ئاودیوی دەرگاکە بکات، بەڵام دەرگاکە خێراتر لە جوڵەی ئەو پێوەدرایەوە.

دایک و منداڵەکە پێیان وابوو بە داخستنەوەی دەرگاکە ئیدی ئاژەڵەکە دەڕوات و لە کۆڵیان دەبێتەوە. منداڵەکە لە کونی دەرکاگەوە ڕوانییە ئەودیوو، ئاژەڵەکە بە هەمان شێوەی تۆزێک لەمەوبەر خۆی بە دەرگاکەدا هەڵزنیبوو و هێواش هێواش دەیکێشا بە دەرگاکەدا.

(دەرگاکە نەکەیتەوە کچێ)

(دایە من پێم نەگوتی سەگە، ملیت بینی چۆن دەیجوڵاند؟).

(سەگ وا نییە کچم، کوا سەگ ملی وا درێژە؟. سەگ خۆشی بکوژێت ناتوانێ ملی ئاوا بکشێنێ. لە ماریش ناچێت).

(ئەی چییە دایە خۆ دووپشک نییە؟. بچم جارێکی کە دەرگاکە بکەمەوە و سەیری بکەم؟).

(تۆ تەماشای چاویت کرد؟)

(دەزانیت دایە چاوی زۆر جوان بوو؟ بەڵام من قێزم لە دەمی دەکردەوە).

ئاژەڵەکە لە دەم دەرگای ئەو ماڵە دوورنەدەکەوتەوە. بۆچی لەناو ئەو شارەداو لەناو ئەو هەموو ماڵەدا بۆ بەردەرگای ماڵی ئەوان هاتووە؟. ئەوە گومانێک بوو تادەهات لە ناخی ئەو ژنەدا چەکەرەی دەکرد و گەورە دەبوو. چاوەکانی تەواوێک کاری لێ کردبوو. ئەو دوو چاوە هەر بە دوو چاوی ئینسان دەچوون. دایکەکە لەناو دالانەکەدا هەردوو قاچی لە جووڵە کەوتبوون، نە ئەوەبوو بڕواتەوە هەیوانەکەو ئاژەڵەکە بە تەواوی لە

بیر بکات، نە ئەوەشبوو جارێکی تر دەرگاکە بکاتەوە و لە ئاژەڵەکە بڕوانێت.

کیژۆڵە چکۆلەکە لە نزیک دایکییەوە دۆشدامابوو، هێشتا ئەو ترس و تۆقینەی کە تۆزێک لەمەوبەر تووشی بووبوو، بە تەواوی لە دڵیا نەڕەوییبۆوە. دایکی بیری لەوە دەکردەوە دەرگاکە بترازێنێ و ڕێگە بەو ئاژەڵە سەیرە بدات کە خوا دەزانێت لە کوێی ئەم دنیایەوە بەم بەرەبەیانییە زووە ڕووی لە ماڵی ئەوان کردووە، بێتە ژوورەوە.

ئەو دەرگاکە دەترازێنێ و ئاژەڵەکەش هێواش هێواش بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوێ و دێتە داڵانەکەوە. لە داڵانەکەدا تاوێک دەوەستێ و بەناو حەوشە و ماڵەکەدا دەڕوانێت.

(دایە بیر لە چی دەکەیتەوە؟).

(چاوەکانی ئەو ئاژەڵە بەلای منەوە شتێکی ئاسایی نەبوون).

(دایە من کاکم نەبینیوە، تەنیا وێنەکانی نەبێت کە بە قەدی دیوارەکانەوە هەڵواسراون، بەڵام چاوەکانی کاکم و چاوەکانی ئەو ئاژەڵە لە یەک دەچن).

ئەو لە داڵانەکەدا چاو دەبڕێتە چاوەکانم و منیش بە قوڵی لە چاوەکانی دەڕوانم، کوتومت بە چاوەکانی کوڕە غەریبەکەم دەچن. ئەو کوڕەی کە بەیانییەک لەم ماڵەوە، بێ جانتا و بە دەستی بەتاڵ لەم دەرگایەوە چووە دەرێ و نەگەڕایەوە. ئەو گووتی: (من بێزاربووم لەم ماڵە. بێزاربووم لە هەموو شتێک. لەم دیوار و ژوورانە کە هەر دەڵێی زیندانن، لە ئاسمان و ئەستێرە و باڵندە و درەخت. لەم شارە بێزاربووم. هەستدەکەم خۆشەویستیم بۆ هیچ شتێک نەماوە. ئەوەی عەشق و سۆز و بەزەیی بێت لە دڵ و ناخی منا چۆڕاوەتەوە. دەزانی چەند سەختە مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی بژی؟.

تێدەگەیت چی دەڵێم پیرێژن؟ خەریکە دەبمە ئاژەڵێکی کێوی و پەلاماری دونیا دەدەم).

(تێدەگەم جەرگەکەم، بەڵام بەرەو کوێ دەڕۆیت؟ بەبێ پوول و پارە ڕوو دەکەیتە کوێ. لەبرسا دەمریت کوڕەکەم، لەبرسا دەمریت).

(لەو کێو و شاخ و دۆڵانە لەبرسا بمرم خۆشترە لەلام تا لەم شارەدا، کە خەریکە دادەڕزێ و بۆگەن دەکات ژیانێکی سووک و چروک بژیم. لەو هەڵەمووت و بەرزاییانەدا قاچم بترازێ و هەپروون بە هەپروون بم و قەل و داڵ لە گۆشتم بخوات نەک جەنگە یەک لەدوای یەکەکان لە ناوەوە بمکوژێ و بمکاتە سەگ. ئەم شارە بۆتە گۆڕستان).

(کوڕم هەموو شتێک چاک دەبێت.. ئۆقرەت هەبێ.. دەیان ساڵە ئەم وڵاتە وێران دەبێت، خۆ ناکرێت لە شەو و ڕۆژێکدا هەموو شتەکان بچنەوە شوێنی خۆیان).

(من هیچم لە کەس ناوێت، هیچم لەم شارە ناوێت. ڕێگەم بدە بڕۆم. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ من بەدیار سوتانی ڕۆژەکانمەوە هەناسە دەدەم. من پیاوێکی مردووم. مردوویەک بەم شارەدا دێم و دەچم. تاکە شتێکی جوان لەم دونیایەدا کتێبخانەکەم بوو، ئەوەتا کتێب کتێب هەموویم فرۆشت، جەرگم دەرهێنا و فرۆشتم، دەستبەرداری دەست و چاو و قاچەکانم بووم و هەراجم کردن. شتێک نەما دڵم پێی خۆش بێت.. دەڕۆم و سەری خۆم هەڵدەگرم.. بچم بۆ دۆزەخیش ئاسودە دەبم).

ئاژەڵە سەیرەکە لە داڵانەکەدا دەوەستێ و تەماشای هەموو شتێک دەکات، لە کون و قوژبنی ئەم ماڵە ورد دەبێتەوە. ئەوەتا دوو چاوی قووڵ کە تەواوێک نازانیت ڕەنگیان چۆنە. من لێی دەڕوانم و ئەویش فرمێسک لە دوو چاوەکانییەوە دەڕژێن. ئەمجا دەڕوانێتە دارهەنجیرەکە کە لە حەوشەکەدا لق و پۆپەکانی لەژێر بارانەکەدا تەڕبوون و ڕەشەبا یاری بە گەڵا ڕژاوەکانی بەر پێی دەکات. لە شوێنی خۆی دەجوڵێت و هەر بەهەمان هێواشیی خۆی بەرەو حەوشەکە دەڕوات و لە نزیک حەوزی ئاوەکەوە، کە دەیان ساڵە وشک و برنگەو تەڕایی

بەخۆوە نەدیوە ڕادەوەستێت. ملی بۆ ناو حەوزەکە درێژ دەکا و دەوەستێت و ئاوڕێک بۆ من دەداتەوە، وەک ئەوەی پێم بڵێ من بەناو هەموو ئەم دونیا فراوانەدا بۆ ئێرە هاتووم تا تینیوێتیم بشکێنم. ئەو هەموو جۆگەو ڕووبار و دەریا و ئۆقیانووسانەی جیهانم بە گەرووی وشکەوە بڕیوەو قومێک ئاو چییە، تەنیا قومێک نەچۆتە سەر گەروو و زمانم، هاتووم لێرە تینوێتیم بشکێنم، هاتووم لە ماڵەکەی تۆدا قومێک ئاو بخۆمەوە.

ئەو دەست دەبات و بەلووعەکە دەکاتەوە. تنۆک تنۆک ئاو دێتە خوارێ، تنۆکێک و دوان و سیان. ئەمجا ئاوەکە دەوەستێ و وشک دەکات. دەنگێک کە هەر بە لرخە لرخی پیاوێکی پیر دەچێت دەبیسترێ. دڵم دادەخورپێ و شەرمێک سەرتاپای گیانم دادەگرێت. خەریکبوو پێی بڵێم من لە کوێ ئاو بۆ تۆ بهێنم؟. کچەکەم بە خەیاڵیدا هات پەرداخێکی خاڵی بهێنێ و لەبەر بارانەکەدا ڕایگرێت تا پڕ دەبێت لە ئاو. لە پڕێک لێشاوی ئاو لەو بەلووعە کۆنەوە کە ژەنگ دایپرژاندبوو بە خوڕ دێتە خوارێ. ئاو دەپرژێ و بە تاو هاژە دەکات و ڕاناوەستێ. من لەوەتەی لەبیرم دێت ئەم ماڵە نەک ئاوی لە بەلوعەوە بۆ نەهاتووە، بەڵکو بە هەموو ژیانی ئاوی بە خۆیەوە نەدیوە. ماڵێک لە وشکانییا خەریکە دەخنکێت. ئەو دەم دەنێ بە ئاوەکەوەو من و کچەکەشم بە حەپەسانەوە لەو ئاژەڵە سەیرە ورد دەبینەوە، کە من دەڵێم کیسەڵە و کچەکەشم دەڵێت سەگە. ئەو قوڵپ قوڵپ ئاو دەخواتەوەو تێرئاو نابێت. کچەکەم دەڵێت: دایە فریای کەوە دەخنکێت، ئەو هەموو ئاوە چیبوو خواردییەوە؟. ئەو دەم بەرناداو بەردەوام ئاو دەخواتەوە. من دەیبینم سکی دەئاوسێ و دەکشێ. ڕۆژێک و دوان و سیان من لە داڵانەکەدا وەک شێت ڕادەوەستم و لێی دەڕوانم. ئەو دەمی لە ئاوەکە بەرنادات و بەردەوام ئاو دەخواتەوە. ئای خودایە ئاگات لێی بێ دڵی سەرئاو نەکەوێت.

من هەر لە شوێنی خۆمدا وەستاوم و بە ترسەوە دەستم لەسەر دڵم داناوە. ئەو ئاژەڵەش بە قووڵی لێم دەڕوانێ و لە ڕوانینم تێر ناخوات. لە دارو پەردووی ئەم ماڵە دەڕوانێت. ژوور بە ژوور دەڕواو لە هەر شوێنێکی ئەم ماڵە تاوێک دەوەستێ و تاوێک بۆن دەکات. ژوور بە ژوور دەڕواو چینێک دەگری و چینێک پێدەکەنێ. ژوور بە ژوور دەڕواو دەست ئەدا لە هەموو شتێکەوە. ئەمجا دێتە دەرێ و ڕێک لەو شوێنەدا دەوەستێ، کە کوڕەکەم لە سەردەمی شێتبوونی خۆیدا هەموو ئەو کتێبانەی کە لە کتێبخانەکەیدا مابوونەوە سوتانی.

من ئێستاش دیمەنی ئەو بەیانییەم لەیاد ناچێت کە ڕەشەبا پەڕەی سوتاو و تۆپەڵە ڕەشایی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت و لە سەربانەکەوە دەیبردنە دەرێ و بەناو شارەدا پەرشوبڵاوی دەکردنەوە. شار پڕ بووبوو لە دوکەڵی کتێبی سوتاو. بۆکرۆزی ئێسک و پروسکی سوکرات کە لە ماڵی ئێمەدا لەسەرخۆ دەسوتاو قرچە قرچی دەهات. شەوە سپییەکانی دستۆفسکی کە ڕەش ڕەش لە حەوشەی ماڵی ئێمەوە بەدەم ئێش و ژانەوە دەچوونە ئاسمان. مەسیح بەدەم ئاگرەوە لە دەرگای ماڵی ئێمەوە دەردەپەڕی و ژن و مناڵی گەڕەک تەماشایان دەکرد.

ڕەنگە ئەو ئاژەڵە شومە بیەوێت ئەو ڕۆژە پڕ نەگبەتییەم بیر بخاتەوە کە کوڕە نەفرەتییەکەم لەناو دوکەڵدا جوێنی بە ئاسمان و دار و بەرد دەدا. قەدەرێک لە بەردەم دارهەنجیرەکەدا دەوەستێ و بیردەکاتەوە. هەردوو دەستی هەڵدەبڕێ و باوەش دەکا بە دارهەنجیرەکەدا. ڕۆژ ئاوا دەبێ و کات دەگوزەرێ و ئەو هەر دارهەنجیرەکەی باوەش کردووە. نیوەشەو دادێ و جارێکی دی خۆر هەڵدێتەوە، ئەو هەر لەهەمان شوێن و بێ خەم باوەشی کردووە بە دارهەنجیرەکەدا. ئەمجا بەسەر هەنجیرەکەدا هەڵدەزنێ و سەردەکەوێتە سەرەوە. باران دەبارێ و ئەو هەر کۆڵ نادات و سەر دەکەوێ و دەچێتە سەرێ. تا دەگاتە دوا لق و لەسەر گەڵایەک ڕادەوەستێ. من بە هەردوو چاوی خۆم دەیبینم کە لەناو باراندا لەسەر گەڵایەک ڕاوەستاوە. ئەو لەوێوە لەو بەرزاییەوە دەڕوانێتە شار، ئەو شارەی کە سەردەمانێک ئەو دەیگووت: (دایە ئەم شارە بۆتە پارچەیەک لە جەنگ. جەنگ و ئەم شارە دوانەیەکن بەبێ یەکدی هەڵناکەن).

ئای کوڕەکەم چەند عەزێتی ڕۆحت داوم، لە هەر کوێ هەیت ڕۆحت شادبێ، زیندوویت یان مردوو. ئێواران بەدەم شێتیی خۆتەوە کەسێکت بۆ دەکردم بە ماڵداو دەتگووت: دایە ئەمە (ۆڵ سۆینکایە) لە ئەفریکاوە لەدەست جەنگ و برسێتی هەڵاتووە، بە هیوایە لێرەوە بەرەو ئەورووپا بفڕێت. ئەمشەو لێرە دەبێ و بەیانی دەڕوا. دایە ئەمە (لۆرکایە) ئەم پیاوە لەدەست ژەنراڵەکانی ئیسپانیا ڕایکردووە. دایە تەماشای کە، چەند بێڕوحمانە برینداریان کردووە، ببینە ئێستاش خوێن لە برینەکانی دەتکێنەوە.

ئەوەتا ئەو ئاژەڵە دڵ پڕ لە حەسرەتە دەبینم، لەو بەرزییەوە وەستاوە و دەیەوێت دەست بدات لە هەورەکانەوە، هەورێک ڕادەکێشێ و وەک دەسماڵێک ناوچەوانی پێ دەبەستێ. ئەو لەو سەرەوە لەسەر فەرشی گەڵایەک ڕاوەستاوە و ئەوەی ترس بێت تیای بەدی ناکەیت. یەکە یەکە باڵندەکان بانگدەکا و لەسەر پەلی دەستی ڕایاندەگرێ و ماچیان دەکات. ئەو لەسەر ڕۆحی درەختەکە لەناو باران ڕاوەستاوەو هەموو باڵندەکانی دونیا لەسەر سەری دێن و دەچن.. هەموو باڵندە تەڕەکان.

لەپڕ دەنگێک لەودیوو دەرگاکەوە دێت و دایکەکە لە خەیاڵەکەی خۆی دادەبڕێت. کیژۆڵەکە بە ترسەوە دەڵێت: (دایە ڕەنگە سەگەکە بێت بانگت بکات). دایکەکە بە هیواشی دەرگاکە دەکاتەوەو چەند هەنگاوێک دوور لە دەرگاکە پیرێژنە پشتکۆماوەکەی دراوسێیان دەبینێت کە بە خۆی و گۆچانەکەیەوە ئاماژە بۆ ئاژەڵە سەیرەکە دەکات و بە تێکەڵییەک لە گریان و پێکەنینەوە دەڵێ: (ئەو دەعبا سەیرە چی دەکات لەبەر ماڵتان؟).

لە پشتی پیرێژنەکەوە کوڕێکی هەشت نۆ ساڵان لە دەرگای ماڵەکەی ئەوبەریانەوە لە پڕ بە پرتاو وەک ڕەشەبا ڕادەکاتە دەرێ و بەرەو لای ئاژەڵەکە دێت. هێندەی تۆزکاڵێکی مابوو خۆی بکێشێت بە پیرێژنەکەدا. پیرەژنەکە لەترێک ئەداو بە هەزارحاڵ خۆی بە گۆچانەکەی دەستی دەگرێتەوە.

منداڵەکە لە ئاژەڵەکە هاتە پێشێ و هاواری کرد: (ئەوە کیسەڵە، من دڵنیام ئەوە کیسەڵەو کشاوە).

(کیسەڵی چی، تۆ کیسەڵت دیوە بەقەد گەماڵێک بێت؟.) کچەکەم ئەوەی گووت، کە تا ئەوکاتە لە پشتمەوە مات و بێدەنگ ڕاوەستابوو، لەوە دەچوو چی دی ترسی لە دڵا نەما بێ.

(من لە ژیانما کیسەڵی وام نەدیوە) پیرێژنەکە گووتی.

(هەندێ جار کیسەڵ دەکشێ و گەورە دەبێ.. ئەمە هەبێ و نەبێت لەو کیسەڵانەیە) کوڕە هەشت نۆ ساڵانەکە گووتی.

ئاژەڵەکە لەهەمان شوێن سەری شۆڕکردبۆوە سەرخۆڵە تەڕەکەو بەردەوام بۆنی دارو پەردووی دەرگاکەی دەکرد.

(باشە بۆ لەناو ئەو هەموو ماڵەدا بە ماڵی ئێوەوە گیرساوەتەوە؟) پیرێژنەکە گووتی.

بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی دایکەکە بکات، هەر بۆ خۆی وەڵامی خۆی دایەوەو گووتی (بەخوا هەبێ و نەبێ هی ئەوەیە کە بارانەکە هەموو شوێنێکی تەڕکردووەو بەر دەرگای ماڵی ئێوە چەتری هەیە و وشک و برنگە و باران لێی نادات).

وردە وردە خەڵکی گەڕەک لە ماڵەکانیانەوە دەهاتنە دەرێ و لە ئاژەڵەکە کۆدەبوونەوە. یەکەم جار بوو ئاژەڵێکی وا سەیر ببینن. هەر یەکەو لە شوێنی خۆیەوە قسەی دەکرد. کەس چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد وەڵامی بدرێتەوە. هەندێ جار دوان و سیان پێکەوە قسەیان دەکرد و تا دەهات دەنگەکان بەرز و بەرزتر دەبوونەوە.

(ئەمە سەگ نییە، کێ دەڵێ ئەمە لە سەگ دەچێت؟).

(من پێم وایە پشیلەیە).

(سەگ جۆری وای هەیە، ئێمە نەمانبینیوە).
(پشیلە ملی درێژە، بەڵام ناتوانێ ملی بەرێتەوە ناو خۆی).
(ئەمە سیمای هەموو ئاژەڵێکی تیایە).
(بڕوا بکەن لە کۆتریش دەچێت).
(کۆتر دەفڕێت، بەڵام ئەم نافڕێت).
(تەماشای پشتی کەن ئەڵێی بەرمیلە، ئەمە کیسەڵە).
(ورچ، هەبێ و نەبێت ئەمە ورچە. ورچ حەزی لە باران و بۆنکردنی خاکی تەڕە).

یەک دوو منداڵ داریان هێناو کەوتنە لێدانی ئاژەڵەکە، ئاژەڵەکەیان بە زۆر لەدەم دەرگای ماڵی دایکەکە دوورخستەوە. بەڵام هێندەی نەبرد ئاژەڵەکە جارێکی دی هاتەوە نزیک دەرگای هەمان ماڵ و ملی خستەوە ناو خۆڵە تەڕەکەو کەوتەوە بۆنکردنی دارو پەردووی دەرگاکە.

ژنێک گووتی (با خەبەری پۆلیس بدەین، نەک بتەقێتەوە)

(هەموو شتێک ڕێی تێدەچێت، لەو دەڤەرە گوێدرێژێک لەناو حەشاماتێکدا تەقییەوە).

ئاژەڵەکە لە شوێنی خۆی جوڵاو لە دایکەکە چووە پێشێ، ئەمجارە دایکەکە لە شوێنی خۆی نەبزواو بە دڵنەرمییەوە لێی ڕوانی. ئاژەڵەکە دەمی نا بە چمکی کراسی دایکەکەوەو کەوتە بۆنکردن. منداڵێک هاواری کرد: (تەماشای کەن سەگەکە دەگری، تەماشای چاوی بکەن).

هەموو حەشاماتەکە خۆیان نوشتانەوەو ڕوانییانە چاوی ئاژەڵەکە. ئاژەڵەکە هەر بەڕاستی فرمێسک لە چاوەکانییەوە دەڕژانە خوارێ و هۆن هۆن دەگریا.

کابرایەک کە کڵاوێکی لایلۆنی سەوزی لەسەردابوو، ڕووخساری زیاتر لە باڵندەیەک دەچوو تا مرۆڤ، گووتی: (ڕەنگە ئەمە لە هەسارەیەکی ترەوە کەوتبێتە خوارێ، تەماشای کەن لە هیچ ئاژەڵێک ناچێت، دووریش نییە ژەهراوی نەبێت).

دایکەکە زیاتر لە هەر کەسێک دڵی بۆی دەجوڵا، ئەو لێکچوونە سەیرەی لەنێوان چاوی کوڕەکەی و چاوی ئەو ئاژەڵەدا بوو، تا دەهات زیاتر ئەو گومانەی لا شین دەکرد، کە ئەمە کوڕەکەیەتی و لە شێوەی ئاژەڵێکدا گەڕاوەتەوە.

ئاژەڵەکە کە هەستی کرد چی دی دایکەکە، لێی ناترسێ و سامی لێی شکاوە. ملە درێژەکەی هەڵبڕی و لەناو دەرگاکەوە چاوەکانی بڕییە ژوورەوە. (ئەمە حاجی لەقلەقە.. ببینن چۆن ملی هەڵبڕیوە).

دایکەکە ویستی لێی نزیک بێتەوە و باوەشی بکات، منداڵێک بەردێکی پیاکێشاو ئاژەڵەکە سەری بردەوە ناو خۆی. (تەواو.. من گومانم نەما کە ئەمە کیسەڵە، تەنیا کیسەڵ دەتوانێ سەری بباتەوە ژوورێ).

(تۆ تەواو کەری، بەردیش بە منا بکێشن ناچار دەبم سەری خۆم وەک کیسەڵ بەرمەوە ژوورێ).

(منیش دەڵێم کیسەڵە، تەماشای پشتی بکەن دەڵێی بەردە).

(ئاخر کیسەڵ ئەوەندە گەورە نابێت).

(با بیکوژین) منداڵێک ئەوەی گووت و بەردێکی تری پیاکێشا.

دایکەکە کزە لە جەرگییەوە هەستا، پێی وابوو کوڕەکەی بەردەباران دەکەن.

ژنێک کە پۆشاکی ڕەشی پۆشی بوو، دڕی بە ئاپۆڕەی خەڵکەکە داو لە ئاژەڵەکە هاتە پێشێ و ڕووی کردە خەڵکەکە و گووتی: (لاچن دڵڕەقینە، گوناهتان دەگات) هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو بەوپەڕی بەتەنگەوە هاتنەوە ئاژەڵەکەی باوەشکردو چەند هەنگاوێک لەگەڵ خۆی بردی. ئاژەڵەکە تا دووردەکەوتەوە زیاتر دەکەوتە لنگەفرتێ و نووزانەوە. ژنەکە خۆی بۆ ڕانەگیراو ئاژەڵەکەی بە هێواشی دانایەوە زەوییەکە.

ئاژەڵەکە بەهەمان شێوەی جارانی خۆی گەڕایەوە نزیک دەرگاکەو کەوتەوە بۆنکردنی دەرگاکە.

سەیرە ئەو ئاژەڵە بۆ هەر کوێ بەریت هەر دێتەوە بۆ ئێرە.

کیژۆڵە چکۆلەکە لەوە دەچوو سامی شکابێ، لە ئاژەڵەکە نزیکبۆوەو ڕووی کردە دایکی و گووتی: (دایە با بیبەینە ژوورێ و بۆ خۆمانی بەخێوبکەین).

ئاژەڵەکە وەک ئەوەی لە قسەی کیژۆڵەکە تێگەیشتبێت، دەمی نا بە کراسە شینەکەی کیژۆڵەکەوە، کیژۆڵەکە کەمێک ترساو گەڕایەوە دواوە. خەڵکەکە پێکەنین، کیژۆڵەکەش تەماشایەکی دایکی کردو کەوتە پێکەنین.

منالێک بەردێکی پیاکێشاو هاواری کرد (با بیکوژین.. ئەمە جنۆکەیە).

(منیش دەلێم ئەمە جنۆکەیە.. کوشتنی حەلالە).

کیژۆڵەکە گریا و ڕای کردە نزیک دایکییەوە و گووتی: (دایە مەهێڵە بیکوژن.. ئەمە جنۆکە نییە).

(ئەمە ڕەنگی ڕەشە.. هەرچی ڕەنگی ڕەشبێت جنۆکەیە).

(ئەم ئاژەڵە هەرچییەک بێت کیسەڵ بێت یان پشیلە، ترسناکە. دەبێت بکوژرێت)

(با بیکوژین.. ئەم ئاژەڵە نەفرەتییە تووشی سەد دەردو بەلامان دەکات).

منالێک گوریسێکی کردە ملی ئاژەڵەکە و توند ڕایکێشا.. ئاژەڵەکە ویستی ملی بەرێتەوە ژوورێ و بۆی نەکرا. ئاژەڵەکە بە حەسرەتێکەوە چاوەکانی بڕییە دایکەکەو نووزەیەکی لێوە هات. کەس نەیدەزانی بۆچی ئەو ئاژەڵە بەردەوام لەو ژنە دەڕوانێ. لەوکاتەوە بۆ چرکەیەک چییە چاوی لەو ژنە نەتروکاندبوو.

منالەکە ئاژەڵەکەی بە ناو ئاپۆرای خەڵکەکەدا درپێداو بەرەو دەرەوەی قەرەباڵغییەکەی ڕاکێشا.

هەموو منالەکانی دیش بە وردە بەردەکانیانەوە کەوتنە شوێنی ئەو ئاژەڵەی، کە تا ئێستاش کەس بۆی ڕوون نەبۆوە چ ئاژەڵێکەو لە کوێی ئەم دونیایەوە ڕووی کردۆتە ئەم شارە.

بەردەرگای ماڵی دایکەکەش هێواش هێواش تەنک دەبۆوە. دواین نیگای ئاژەڵەکە، نیگایەکی پڕ مانا بوو، هەموو ئەوانەی لەوێدا بوون و تێبینیی ئەو نیگایەیان کرد بوو دەیانزانی ئەو نیگایە بە تەواوی دایکەکەی بریندارکردبوو. نیگایەک پڕی بوو لە گرفتاری، نیگایەکبوو کە مرۆڤ بۆی نەئەکرا وا بە ئاسانی لە یادی بکات.

**تێبینی:** ئەم چیرۆکە ساڵی 1999 لە شام نووسراوە. تەنیا ئەوەندەیە بە کەمێک دەستکارییەوە جارێکی دی پاکنووسم کردۆتەوە.